# خۆکوژی و ئەدەبیات

توێژینەوەیەک سەبارەت بە جوانیناسیی خۆکوشتن

**پاتریسیا دو مارتلێر**

وەرگێڕانی: محەمەد موەفەقی



١٠ی کانونی یەکەم، ٢٠٢١   توێژینەوە

خۆکوژی بووەتە "باو". هەر ڕۆژ کەسانێکی زۆرتر بیر لە خۆکوشتن دەکەنەوە، هەر ڕۆژ کەسانێکی زۆر دەست بۆ خۆکوشتن دەبەن. سەبارەت

بە خۆکوشتن زۆر بابەت وتراوە و لە هەمان کاتیشدا نووسراوە: دەروونناس، بیرمەند، پزیشک، مامۆستا، ڕەخنەگر، ئەخلاقگەرا، ڕێبەری فیرقەکان و کەسانی بێئومێد و زۆر کەسی تریش کە هەر هەموو دەیانەوێ خۆیان بکوژن کەچی بەردەوام بۆ ئەمڕۆ و سبەی وە درەنگی دەخەن.

لەم بوارەیەدا لە چەند ڕەهەندی جیاوازەوە ئاماژە بەم خاڵە دراوە، کە چما لەنێوان خۆکوژی و دنیای هونەر و بەتایبەت نووسیندا پێوەندییەکی چڕوپڕ هەیە. سەبارەت بە خۆکوشتنی هەندێ نووسەری وەک فێرناندۆ پێسۆئا[1]، چێزارێ پاڤێزێ[2] و سیڵڤیا پلات[3] کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی تۆکمە کراوە. کۆی ئەم لێکۆڵینەوانە ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە تایبەتمەندیی ژیانی کۆمەڵێکی بەرچاو لە نووسەران، وەسوەسەی خۆکوشتن و ململانێیەکی بەردەوام بووە لەگەڵ ئەم دیاردەیەدا. بەتایبەت بۆ نووسەرانی سەردەمی ڕۆمانتیک و دواتریش دادائیستەکان، ستایشی خۆکوژی دەبێتە ئایدیاڵێکی ئەدەبی و هەروەها بەشێک لە تێگەیشتنی هونەریی نووسەر. ئەگەرچی هێشتا پێوەندیی نێوان نووسین و خۆکوشتن بەگشتی وەک بابەتێکی لێڵ و نادیار ماوەتەوە. ڕاستە وەسوەسەی خۆکوشتن چ بە ئاشکرا یان نهێنی، چ لە ڕووی هەست یان نەستەوە بێ، لە کۆڵی نووسەر نابێتەوە، بەڵام ژمارەیەکی بەرچاو لە نووسەران بەسەر ئەم وەسوەسەیەدا زاڵ بوونە و لە ئاکامیشدا بە مەرگی سروشتی ماڵاواییان لە ژیان کردووە و تەنانەت تەمەنێکی درێژیان هەبووە و بەجۆرێک توانیوویانە کە لەگەڵ کاری نووسین و فریوی خۆکوشتن، بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە ڕابێن.

---

[1] (Fernando Pessoa) فێرناندۆ پێسۆئا (١٨٨٨-١٩٣٥) نووسەر و شاعیری پورتوگالیایی
[2] (Cesare Pavese) چێزارێ پاڤێزێ (١٩٠٨-١٩٥٠) ڕۆماننوس و شاعیری ئیتالیایی
[3] (Sylvia Plath) سێلڤیا پلات (١٩٣٢-١٩٦٣) شاعیر و نووسەری ئەمریکایی

چ لە ڕابردوو، چ لە سەردەمی ئێمەدا، کۆمەڵێک هونەرمەند دەناسین کە ڕایانگەیاندووە "تەنیا هەر هونەر" توانیوویەتی ڕێگر بێت لە بەردەم خۆکوشتنیاندا. بەڵام بۆچی تەنیا هەر هونەر؟ بۆ نموونە بۆچی گۆزەگەری یان کۆکردنەوەی پوول نە؟ چ شتێکی تایبەت لە جەوهەری نووسیندا هەیە کە لە بری ئەوەی مرۆڤ مەجبوور بە خۆکوشتن بکات -کە ئاسایی دەنوێنێ- دەبێتە لەمپەرێک لە هەمبەر خۆکوشتندا؟

پێش ئەوەی درێژە بە باسەکەم بدەم، دەمەوێ خاڵێک ڕوون بکەمەوە: لێرەدا قسەکانی من هەموو نووسەر یان هونەرمەندێک ناگرێتەوە. بە هیچ شێوەیەک نامەوێ گریمانەیەکی گشتی سەبارەت بە خۆکوشتن ئاراستە بکەم. هۆکار و پاڵنەری سەرەکیی جۆرێک لە خۆکوشتن وەها ڕوون و بەرچاوە کە دەکرێ وەک کارێکی عاقڵانە چاوی لێکەین. لە لایەک تریشەوە جۆرێک لە خۆکوشتن هەیە کە هۆکارەکەی نەخۆشیی دەروونییە و دەکرێ لەگەڵ کردەوەیەکی ناوشیار بەراورد بکرێ. ئەم دوو جۆرە خۆکوشتنە لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە سەرنجڕاکێش نین و لەم نووسینەشدا ناخرێنە بەر باس. ئەمەش بەو واتایە نییە کە بمەوێ لەسەر بنەمای پووچی یان مەبەستمەند بوونی مرۆڤ سەبارەت بە مژاری خۆکوشتن گریمانە و بیرۆکەیەک بخەمە ڕوو. ڕەنگە هەق بە "کامۆ" بووبێت کە پووچی و بێهوودەیی یان ئامانجداربوونی مرۆڤی هێناوەتە ئاست جیدیترین مژاری فەلسەفییەوە. بەڵام ئەو بیرۆکەیەی هەڵە بوو کە پووچی بوونی مرۆڤی وەک هۆکاری خۆکوشتن زانیبوو. ئەگەرچی زۆر جار ئەم شتە دەوترێ - بەڵام هەڵەیەکی گەورەیە - کە تاکی خۆکوژ وەک کەسێ چاو لێ بکەین کە بەم دەرئەنجامە گەیشتووە کە ژیان بێهوودەیە. بە پێچەوانەوە تاکی خۆکوژ ئەو کەسەیە کە چیتر هۆگری ژیان نییە و ئەمەش بابەتێکی زۆر جیاوازە.

تاکی خۆکوژ ئەو کەسەیە کە چیتر تامەزرۆی ژیان نییە، بەبێ ڕەچاوکردنی چۆنیەتی تێپەڕبوونی ئەم ژیانە. تەنانەت ئەگەر ئەم ژیانە زۆر پڕواتا و جوانیش بێت. بێگومان ئەم بابەتە لە ڕووی فەلسەفییەوە گرینگە، چونکە ئەم پرسیارە دێنێتە ئاراوە کە بۆچی ژیان تەنانەت لەو کاتەشدا کە بەپێی ویست و حەزی مرۆڤ تێپەڕ دەبێت، بۆ هەندێ کەس کەموکووڕی هەیە؟ یان بەپێچەوانەوە هەندێ کەسی تایبەت چ خەون و خولیایەکیان لە سەردایە کە هەرگیز ئیمکانی وەدیهاتنیان بۆ نییە.

هەروەها لەنێو نووسەراندا تاقمێک هەن کە دەبێ قەت لە بەرچاو نەگیردرێن. جۆرە نووسەرێک هەن کە وەک فەرمانبەرێک لە فەرمانگە کار دەکەن: واتە لە کاتژمێر هەشتی بەیانییەوە هەتا دوازدە و لە کاتژمێر دووەوە هەتا پێنجی سەر لە ئێوارە و بە درێژاییی ڕۆژ ئەوەندە لاپەڕە دەنووسن، بەبێ هیچ حەز و شەوقێکی وەها یان وەڕەزبوونێک، بە کۆمەڵێک بەرهەمی سەرنجڕاکێشەوە، بەڵام ناسەرکەوتوو. هەروەها تاقمێک تایبەت لە نووسەریش هەن وەک ئاگاتا کریستی[٤] و....کە بە دۆزینەوەی دنیای خەیاڵاوی باشترین هەلی ڕابواردن بۆ خوێنەر دەڕەخسێنن و بە قەڵەم سووڕانێک کتێبێکی ئەستوور دەنووسن. بە پێچەوانەی ئەمانەوە ئەو نووسەرانەی مەبەستی باسەکەی منن ئەوانەن وا بەرانبەر بە کاری خۆیان هەستێکی شاراوە و ئاڵۆزییان هەیە. زۆر نووسەر هەن کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بە شێوازی بژاردە پەیڤ یان لە نامەکانیاندا ئاماژەیان داوەتە بابەتی ئەم شاراوەییە، بێ ئەوەی بتوانن شرۆڤەیەکی لەسەر بکەن.

---

[٤] (Agatha christie) ئاگاتا کریستی (١٨٩٠-١٩٧٦) نووسەری بەناوبانگی بەریتانیایی

یەکێک لە نووسەری بەرهەمە خەیاڵی- زانستییەکان واتە فرێدریک براون[٥]، وتوویەتی: "من ئێجگار ڕقم لە نووسینە، بەڵام لە هەمان کاتدا پێی سەرسام دەبم کە چۆن تا ئێستە نوسیوومە!"، ئەم وتەیە لەوانەیە زۆر نووسەر هەبن کە ئامادەن برە پارەیەکی زۆریش بدەن تاکوو وای پیشان بدەن کە ئەم ڕستەیە ئەوان وتوویانە. ئەوەی لێرەدا دەبێ شرۆڤەی بۆ بکرێ ئەمەیە کە لە زەینی ئەم جۆرە نووسەرانەدا کۆمەڵێک توخم و ڕەگەزی دژواز بە شێوەیەکی سەرسوورهێنەر، یەکجێ کۆ بوونەتەوە: جەبرێکی ڕەها و دەروونی بۆ نووسین، بە چەشنێک کە ئەگەر بۆ ماوەیەک دەست لە نووسێن هەڵگرن، تووشی جۆرێ شڵەژان و دڵەڕاوکێ و هاوکات ناڕەزایەتی دەبن و هەست بە گوناهێکی گەورە و تاوانێکی قورس دەکەن و لە لایەک تریشەوە خودی نووسین بۆ کەسیان چێژبەخش نییە. بەرخۆدانی سەرسەختانەی نووسینی ڕستەیەک و برێجاریش وشەیەک کە دەبێ لەسەر ڕێگە لاببرێ، سزایەکی تاقەت پڕووکێنە و تەواوکردنی بەرهەمێکی دەستپێکراو وەک هەڵکەندنی کێوێک وایە لە بنەوەڕا و دواتریش کە نووسینی ئەو بەرهەمە کۆتایی پێهات، کەیف خۆشییەکی لە ڕادەبەدەر، هەستکردن بە دەربازبوون و جۆرێک لە بەختەوەری کە چیتر "مەجبوور بە نووسین نابم"، ئەو شتەی کە ڕەنگە نووسەر چیتر هەرگیز نەیویستبێت. ئاوەهایە دۆخی ناخهەژێنی نووسەری ئێمە کە ئەو دەمەی وا نانووسێ، تێک دەچێ، هەست بە کەیف خۆشی ناکا و لە کاتی نووسینیشدا دۆخی لەمە باشتر نابێ. ئەو تەنیا کەڵکەڵەی، کۆتاییهێنان بە نووسینی بەرهەمەکەیەتی. لە هەمان کاتدا بە تێپەڕبوونی کات ڕەزامەندی لە بەر چاپ

---

[٥] (Fredric Brown) فرێدریک براون (١٩٠٦-١٩٧٢) نووسەری ئەمریکایی

و بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکەی، خوێندنەوە لە لایەن بەردەنگەوە، ڕاکێشـــانی سـەرنجی ڕەخنەگرەکان، وتووێژ لەگەڵ گۆڤارە ئەدەبییەکان سـەبارەت بەم بەرهەمە و لە کۆتاییشـــدا بوون بە کەســـایەتی یان دەموچاوێکی ئەدەبی هەموو ئەو شتانەیە کە نووسەر پێی دڵخۆشە و تەنیا بەم شێوەیە کە ڕۆحی یاخی و ســـەربزێوی دەســـرەوێ. نووســـەر چەندە لە کاری تاقەتپڕوکێنی خۆیدا پێشـــکەوێت بە هەمان ڕادەش وردبینانەتر فێر دەبێ کە چۆن بە یارمەتی کۆمەڵێک توانای پسپۆڕانە لەگەڵ ژیان ڕابێ و بە ڕەنج و ئازارێکی کەمترەوە، درێژە بە کاری نووسین بدات. بەڵام بەردەوام کێشـەیەکی ناحەز لە ئارادایە کە بەرۆکی هەموو نووسـەرێ دەگرێ و ئەویش فرێدریش براون وتەنی: " بە هەر حاڵ دەبێ بەرەو ڕووی نووســـین ببینەوە، تا بەرهەمێک بنووسرێ و بێتە دی."

ئێستـە بێینەوە سـەر باسـی ئەوەی وا دەسـت بۆ خۆکوشـتن دەبات. ڕنگە بکرێ وەها کەسـێک، بەو جۆرە پێناسـە بکەین کە زۆرتر تامەزرۆی ئەوەیە کە "ژیابێت" تا ئەوەی کە بژیت. بەڵام ئەم شـتە مومکین نییە، چوون مرۆڤ بۆی هەیە سەبارەت بە ژیانی ڕابردووی بە ڕەزامەندی یان داخ و کەسەرەوە هەندێ شـت بڵێ: بۆ نموونە کەسـێکی لە ژیانیدا خۆش ویسـتووە، خەریکی کارێک بووە، بۆ مەبەســـت یان ئامانجێک خەباتی کردووە و...هتد، بەڵام ناکرێ بوترێ کە "ژیاوە". بەپێی تیۆروانینی فرۆید، یەکێ لە گەورەترین حەز و ئاواتەکانی نەســـتی ئێمە کە بەشـــێوەی جۆراوجۆر لە خەونەکانماندا دەردەکەون، ئەمەیە کە چاومان لە ڕێوڕەسـمی ناشـتن و ئەسـپەردە کردنی خۆمان بێت. ئەم بابەتە ئاماژەیەک نییە بۆ ئەوەی کە ئێمە لە ژیان وەڕەز یان تێر بووینە، یان ئاماژە نییە بۆ وێســـتی خۆکاولکارانەی ئێمە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە بە وتەی فرۆید ئەمە ڕێک دەلالەت لەسەر جۆرێک خۆشەیدایی

و تامەزرۆیییەک دەکات کە ئێمە بەم شـــێوەیە دەمانەوێ بە مەرگی خۆمان، نــاخی ئەوانی تر بهەژێنین. بەڵام من لام وایە لە کرۆکی خۆکوشـــتنـدا، کۆمەڵێک واتای جوان هەن، کە لەگەڵ کۆمەڵێک چەمکی وەک خۆشـەیدایی و ســـتایشـــی ئەوی تردا یەک ناگرنەوە، تەنانەت لە ڕووی ئەخلاقیشـــەوە خۆکوژی، لەگەڵ ژان و ســادیزم و ســتایشــی ڕەنجدا ناتەبا دێتەوە. بەڵکوو دەبێ لە سۆنگەی هونەر و ڕەهەندی جوانیناسانەوە لێک بدرێتەوە.

لە ناخی هەر هەموو ئێمەدا تامەزرۆیییەکی قووڵ هەیە بۆ گشـــتخوازی، بۆ گەیشتن بە ترۆپک و تەشقەکان، بۆ سامان بەخشین بە ژیانی خۆمان تا لە ئاکامدا بکرێ وەک "دەســـکەوت"ی ژیان ئاراســـتەی ئەوانی تری بکەین و خۆشمان بە نهێنی لەنێو گۆڕێکدا لە دوورەوە چاو لەم دەستکەوتانە بکەین. یەکێ لە ڕووە ناحەز و ناخۆشـــەکانی ژیان ئەمەیە کە لە لووتکە و ترۆپکی خۆیدا کۆتایی پێ نایەت، بەڵکوو لە ســـاتەوەختێکی ئەم ژیانەدا هەر هەموو ئەو شـتانەی وا خۆشـمان ویسـتوون، یان حەزمان لێیەتی و لە چرکەسـاتی دواتردا لە دەســـتی دەدەین یــان خوازیــاری شـــتێکی تر دەبین. لە ســاتەوەختێکدا کەیف خۆش و تەندروســت و جێی ڕێزین و لە چرکەســاتی دواتردا تێـک دەچین یــان دەشـــڵەژێین و نــاڕازین و جێگەی بەزەیین و بێڕێزیمان پێ دەکرێ. بێگومان هەر ئەم هەوراز و نشـێوە بەردەوامەشـە کە ژیـان تێکەڵ بە هەڵزنین و هەڵچوون دەکا و هـانمان دەدات کە تـا دواخـاڵ درێژە بەم گەمەیە بدەین. بەڵام لە بەســـەرهاتێکدا کە ناگاتە کۆتایی، یان لانیکەم ئێمە ئاگاداری کۆتاییەکەی نابین، چیتر چەمکێکی وەک "هەڵچوون" چ واتایەکی دەبێ؟ ئێمە هەر هەموو پێمان وایە کە "لە کۆتایی"ی ژیاندا، هەر دەمرین. بابەتێک کە نە تەنیا عەقڵانییە، بەڵکوو عادڵانە و تەنانەت جوانیشــە. بەڵام ئەوەی ڕاســـتی بێ، مەرگ لە وەها ســـاتەوەختێکی ناکاودا بەرۆکمان

پێدەگرێ کە لەنێو ڕێگەداین تا منداڵەکانمان لە فێرگە بەرەو ماڵەوە بێنینەوە، یان لە حەمام و لە کاتی خۆشـــتندا و یان لە کاتی گوێگرتن لە پرۆگرامێکی هونەری لە ڕادیۆدا. لە ڕواڵەتدا ئێمە ڕێک لە چرکەســـاتێکی نەگونجاودا دەمرین و هەموو ئەو شـــتانەی کە دەبوو بیکەین و هەموو شـــتانەش کە دەمانویست بیڵێین، نیوەچڵ دەمێنێ. ژیانی ئێمە بە هۆی مەرگەوە "دادەبڕێ" بەڵام قەت "ناگاتە کۆتایی.".

ئامۆژگاری دەدەینە ئەو کچانەی وا لە قۆناغی دواناوەندیدا عاشـق بوونە و پێیان دەڵێین کە زۆر وریا و ئاگادار بن کە "ژیان، ڕۆمان نییە." مەبەسـتمان ئەمەیە کە ژیان جیدیتر و ڕەنگە پڕمەترســـیتر لەم قســـانەش بێت. لەم ئـامۆژگـارییەدا حەقیقەتێکی مەزن هەیە، ئەم حەقیقەتە بەڵام کەمترین پێوەندیشـی بە "جیدی"بوونەوە نییە. لە ژیانی ڕاسـتەقینەدا سـاتەوەختی وا هەیە کە زۆر خەیاڵاوییتر لە ڕۆمانێکی عاشقانەیە و زۆربەی خەڵک تەنانەت ژیـانێکی دڵخوازتر لە ژیـانی پـاڵەوانی نێو چیرۆکەکـانیـان هەیە، جیـاوازیی نێوان ژیـان و ڕۆمـان لە جوانی ڕۆمـان و جیدی بوونی ژیـادا نییە، بەڵکوو لەم جیاوازییە ساکارەدایە کە ژیان بە واتای ڕێکخستن، گشتکاری، گەیشتن بە ترۆپکـدا، کۆتـاییەکی نییە. لەخۆڕا نییە کە ســـەبـارەت بە ڕووداو و بەســەرهاتەکانی ژیانێکی کلێشـەئاسـا، دەڵێین: "شـانامە کۆتاییەکەی خۆشـە" واتە بەســـەرهاتێک خۆشـــە کە ئاکامەکەشـــی خۆش بێت. بەڵام ئەم قســـەی نەســـتەقە بۆ واقێعی ژیان ناشـــێ، لەبەر ئەوەی ژیان ئاکامێکی ڕاســـت و چـاوەڕوانکراوی نییە. لە لایەک تریشـــەوە، وەهـاش نییە کە ژیـان لەگەڵ واقێعی مەرگدا، بەردەوام کۆتاییەکی ناحەزی هەبێ، ئەگەر واش بێ، جۆرە ژیانگەلی وەها و ئا لەم چەشـــنە دەکرێ لەگەڵ هەندێ ڕۆمانی وەک "ئانا کارنینا" یان "ڕەنجەکانی ڤێرتێری گەنج" بەراورد بکرێن. لەبەر ئەوەی لەم

بەرهەمانەدا نە لە ڕووی چێژپەرســتی و زۆرخۆش ڕابواردنەوە، بەڵکوو لە ڕووی جوانیناسییەوە، لەو شتەی کە دەگاتە کۆتاییەکی "ناحەز"، بەرهەمێکی "دڵخواز" دێتە ئافراندن؛ چوونکە لە پێکهاتەی هەموو ڕۆمانێکدا هێڵەکان و ئاستە جیاوازەکان و پاژە لاواز و ناهاوسەنگەکان پەیوەستی یەکتر دەبن و جۆرێک لە یەکگرتوویی و یەکانگیرییەکی هونەری دێتە ئاراوە.

ڕەنگە بکرێ ژیان بە لانی زۆرەوە لە گەڵ ڕۆمانێکی چارلیز دیکێنز[٦] واتە : The Mystery of Edwin Drood بەراورد بکرێ کە کۆتاییەکەی بە هۆی مەرگی نووسەرەوە زۆر پڕ راز و ڕەمزە. لە سەرسامییەکانی سەردەم هەر ئەمەیە کە ئەم کتێبە ناخوێندرێتەوە. بۆ ئەوەی وا ئاگای لێیەتی کە ئەم کتێبە کۆتاییەکی بۆ نییە، ئەم بەرهەمە هەر لە دەستپێکەوە خوێنەر تووشی هەیەجان و هەڵچوون ناکات و وەک ڕۆمان ســـەیری ناکات و ئەوەش وا ئاگای لێ نییە و بە تامەزرۆییەوە درێژە بە خوێندنەوەی دەدات، لە کۆتاییدا پەژیوان دەبێتەوە و هەست بەوە دەکات کە خەسارێکی قورسی لێکەوتووە و پێی خۆشە بگەڕێتەوە لای کتێبفرۆشەکە و ئەو پارەیەی وا بۆ کڕینی ئەم کتێبە پێی داوە، لێی وەرگرێتەوە.

کاتێ بیر لە مەرگی خۆمان دەکەینەوە، بەردەوام وەک ناواقیعی، وێناهەڵنەگر و تەنانەت نامومکین دێتە پێش چاومان. لە کاتێکدا لۆژیک بە شـــێوەیەکی حاشـــاهەڵنەگر فێری کردووین کە "هەموو مرۆڤێک هەر دەمرێ". تەنانەت هەر بەمەشـەوە دیسـان هەق بەو هەسـتەی ئێمەیە. لەبەر ئەوەی ئەگەر چی لە ڕووی سـروشـتییەوە هەموو کەس دەمرن، بەم حاڵەشـەوە، لەنێو ئێمەدا کەســێ بوونی نییە کە "مردبێ". مەرگ بابەتێک نییە کە ئێمە تێمان پەڕاندبێ

---

[٦] (Charles Dickens)چارلیز دیکینز (١٨١٢-١٨٧٠) رۆماننووسی بەریتانیایی

یان ئەزموونمان کردبێ. مەرگ تەنانەت ڕووداوێک نییە کە لە ئێمەوە تێپەر ببێ. بەکورتی مەرگ، "بەســەرهات" نییە. وەها نییە هەموو ڕۆژێ کە لە ماڵ دێینە دەرێ، ڕۆژێ لەبەر دەرکەی مــاڵەوە ڕەت ببین و بمرین و بۆ چرکەساتی دواتریش بتوانین ئاوڕ لە دواوە بدەینەوە.

حەز و خولیای ئامادەبوون لە ڕێوڕەســـمی ناشـــتن و ئەســـپەردەکردنی خۆماندا شـــتێک نییە جگە لە خولیای ئەمەی کە دوای مردن، تەنانەت بۆ چرکەساتێکیش سووکە ئاوڕێک لەپاش خۆمان بدەینەوە. ئەو ڕەزامەندییەی کە مرۆڤ لەم گەڕانەوەیە، چاوڕێی دەکا، لەوانەیە لەگەڵ دەقی کتێبێک بەراورد بکرێ کە کۆتاییەکی دڵخوازی نییە. پاڵەوانی ســەرەکی مردووە و دنیایەک داڕووخاوە، بەم حاڵەشـــەوە کتێبێکی چاک بووە: لە پڕێکدا لەوە تێدەگەین کە ئەم کتێبە هەر لە ســــەرەتاوە، بۆ وەها کۆتاییەک پلانی بۆ داڕێژراوە و دەســـتی پێ کردووە؛ ئەوەی وا لە ســــەرەتاوە قەت جێی تێگەیشتن نەبوو، لەم ڕێڕەوەشدا تەنانەت دەرفەتە لە کیسچووەکان واتامەند و پڕبــایەخ بوونە. حەزی ئــامــادەبوون لە ڕێوەڕســـمی نــاشـــتن و ئەســـپەردەکردنی خۆماندا، ئەگەرچی هەندێک ئاڵۆز دێتە پێش چاو، بەڵام ئەمە لە هەمان کاتدا حەز و خولیای نەمری و مانەوەیە بۆ هەتایی. خولیای ئەمەیە کە مردبێتین، تا چیتر قەت نەتوانین بمرین. خولیای هەڵوێســـتێکە وا لەوپەڕی تیاچوونی ئێمەوە دێتەگۆڕێ. هەڵوێســـتێک کە بکرێ لێیەوە بڵێی: "من مردووم" و بە پشـــتڕاســـت کردنەوەی مەرگی خۆمان، لانیکەم ڕواڵەتی زیندووبوون، ڕاگرین. فێرناندۆ پێســـۆئا دەیگوت: هەموو شـــتێ بەلامەوە یەکسانە. لەبەر ئەوەی لەو چرکەساتەیەدا، شتێک بەسەر شتێکی ترەوە زاڵ نییە. بەڵام خۆ دیار بوو درۆ دەکات: لەبەر ئەوەی ئەو پێی خۆشـتر بوو کە لای خۆی وا بیر بکاتەوە کە مردنی بەتەواوەتی بێ بایەخە. کە دیسان بەهار

دێتەوە و شکۆفەی گوڵ وەکوو جاران دەپشکوێن و دارەکانیش سەرلەنوێ وەکوو جاران چرۆ دەکەن، وەک ساڵی پار و ئەویش بە نهێنییەوە لەوێیە تا شکۆفەی گوڵان و چرۆی داران بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوودا، هەڵسەنگاندنیان بۆ بکات.

ئێستا لە بابەتی ئاڵۆزی خۆکوشتندا هاندەری سەرەکی چییە و لە کوێیە؟ ئایا لێرەدایە کە - ئەمەش لەگەڵ سەلیقەی گشتی یەک دەگرنەوە - ئێمە هەر هەموو حەزێکی شارەوەمان بۆ خۆکوشتن لە دەروونداییە؟ بێگومان هەر واشە. بێگومان ئێمە هەر هەموو "شتێ" لە بکوژەکان و "شتێ" لە شێتەکانیشمان لە دەروونداییە. بەڵام بەم قسانە هیچ بابەتێ ڕوون نابێتەوە. جیا لەمانەش ئەم جۆرە گشتبێژییە نە تەنیا ئاسانە و هیچ تێچوویەکیشی نییە، بەڵکوو بەتایبەت، لەبەر ئەوەی بە شوێن دەربڕینی شتێکیشەوە نییە، لە ڕاستیدا بێڕێزییە بەرانبەر بە تاکی خۆکوژی "ڕەسەن".

ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ تامەزرۆبوونی گشتیی مرۆڤ لە هەمبەر تەواو کردن و کۆتایی پێهێنان کە لە هەمان کاتیشدا تامەزرۆییە بۆ مردن و هەرمان بوون، مژارێکە زۆر ئاڵۆز و تێگەیشتن لێیشی ناوموکینە، کە بە گشتبێژی و سازکردنی مودیلێکی پاساودراو و جڤاک پەسەند، شێ جگە لە چەواشەکاری نییە: چۆنە کە کۆمەڵێک مرۆڤی تایبەت لە نەبوونی خۆیاندا بە شوێن سەرچاوەکانی کەماڵ و بێنیازیدا دەگەڕێن و چلۆن کردەوەی تاکی خۆکوژ - کە لە هەمان کاتدا کردەوەیەکی کاولکارانەشە - شایەتی لەسەر هاندەرێکی دەروونی زۆر داهێنەرانە و هونەرمەندانە دەدات؟

زۆربەی کات وا پێدەچێ کە تاکی خۆکوژ لە سەردەمی کلاسیکدا، کەسێکی ناوچاو گرژ، گۆشەگیر، پەشێو و شڵەژاو، یان خەمۆک، بێورە و هەروەها کەسێکی خوێنتاڵە کە لەگەڵ شۆخی و جەفەنگیشدا نییە، بە دوو چاوی

دەرپەڕیووەوە کە پشـتی لەژێر باری بێهیواییەکی قورسـیشـدا چەماوەتەوە. بەڵام لە ڕاســتیدا تاکی خۆکوژ لای خەڵکی پســپۆڕ و شــارەزای دۆخەکە، کەسـێکی پڕ لە ورە و وزە، لە ڕادەبەدەر چالاک و لێهاتوو، بەرزەفڕ، پڕکار، کۆڵنەدەر، سەرکەوتوو و زۆربەی کاتیش پڕ لە بەهرە و بەتوانایە. شاعێری لاو، ســـێلڤیا پلات، ژنێکی زۆر بەهرەمەند، چالاک، خوێندکارێکی لێهاتوو، ســـەرۆکی چەندان ســـەندیکای جیاواز، براوەی زۆر خەڵاتی بەناوبانگ، لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا لە مەودای نێوان وەرگرتنی دوو خەڵاتدا، بە شێوەیەکی جیدی دەستی دایە خۆکوشتن کەچی هەوڵەکەی سەرنەکەوت و بێئاکام بوو. دە سـاڵ دواتر، ئەو کاتەی وا بۆ سـێهەم جار هەوڵی خۆکوشـتنی دا، دایکی دڵۆڤانی دوو کۆرپەی ســـاوا و لە بواری کاری ئەدەبیشـــدا داهێنەرتر و گەشــاوەتر لە هەمیشــە بوو. چێزاری پاڤێزێ نووســەرێک بوو لە ترۆپکی ناوبانگ و لووتکەی شــانازیدا و لە هەمان ڕۆژانیشـــدا خەڵاتی بەناوبانگی "ستێرگا"ی پێ بەخشرا بوو، کە هاوکات بە هۆکاری نادیارەوە دەستی دایە خۆکوژی. هەروەها کەســـێکی وەک هەمینگوەیش وە دووی هەمان ڕێباز کەوت و پـاش تەمەنێکی خـاوێنی ئەدەبی و گەیشـــتن بە لووتکە، دوای وەرگرتنی خەڵاتی ئەدەبیی نوبێل و لە تەمەنی شـەسـت و یەک سـاڵاندا بە گوللەیەک کۆتاییی بە ژیانی خۆی هێنا. ئەم بابەتە کە زۆربە ئەو کەسـانەی هەوڵی خۆکوشـــتن دەدەن کە تەنیا، هەژار و دەســـتنەڕۆیشـــتوو، یان تووشـبووی نەخۆشـییەکی بێ چارەسـەرن، تا ڕادەیەک پاسـاوهەڵگر و جێی تێگەیشـتنە، بەڵام ئەو کاتەی وا کەسـانی بەناوبانگ و بەرسـەرنج، خاوەن بەهرە و دەستڕۆیشتوو بڕیار لە خۆکوشتن دەدەن، لە ڕواڵەتدا ئەم کارەیان زورتر لە کاڵفامی، زێدەڕەوی و ناسـپاس بوونیانەوە سـەرچاوە دەگرێ کە ئەمەش خۆی بەرهەمی تێکچوونی لە نـاکـاوی حەواس و نـاجێگیر بوونی

باری دەروونیانە. بەڵام ئەمەشـــــەمان لە بیر نەچێ کە هەوڵی بێوچانی ئەم کەســانە بۆ نووســین، دیســیپلینی هونەری، داهێنانی ســەرســوورهەێنەر و بێسـنوور و هەروەها بەرهەمی شـاز و دەگمەنی ئەم کەسـانە هەر هەمووی دەســــکەوتی هەمـان شـــــپرزەیی حەواس و تێکچوونی بـاری دەروونییە. بــاکۆنین[٧] لەم بــارەیەوە دەڵێ: "تــامەزرۆبوون بۆ کــاولکردن، هــاوکــات تامەزرۆبوونێکی داهێنەرانەشە."

بەم پێیە، دەکرێ وێنەی خەیاڵاویی تاکی خۆکوژی ئێســـک ســــووک وەها بنوێنـدرێ: کەســــێـک کە زۆرتر لە هەموو کەســــێکی تر بێئۆقرەیی و ناڕەزایەتییەکی بەردەوام هاندەریەتی. ئەو ناتوانێ هیچ کارێک دەســــت پێ بکات بەبێ ئەوەی لە هەمان کاتدا بیەوێ کارەکەی کۆتایی پێهاتبێ. چوونکە ئەو وای بۆ دەچێ کە ئەوکات ڕازییە و ئۆقرە و ئارامی خۆی دەدۆزێتەوە. بەڵام ئەو خۆی فریوو دەدات، چوون هەر ئەمەی کە کۆتایی بە کارێک هێنا، یان زۆربەی کاتەکان تەنانەت پێش کۆتاییهێنان بە کارێک، دیســـان دەیەوێ کارێکی تر دەســـت پێ بکات کە دەبوو زۆر پێشـــتر کۆتایی پێ هێنابا. ئەم بــابەتە هەم ئــامــاژەیە بۆ بەردەوام بوونێکی بێبڕانەوە و هەوڵێکی ماندوونەناســـانە و هەم بێزکردنیەتی لە ئەنجامی کارەکانیدا. لە حاڵێکدا ئەو بەپێچەوانەی هاوکارانی تری کە زۆربە دەتوانن بەئاســــانی و لە پڕێکدا لە کارەکەیان داببڕێن، ئەو بۆ کات ڕابواردن یان بۆ ســەرقاڵبوون بە شـتێکەوە ئیش ناکات بەڵکوو تەنیا هەر لەبەر ســــاتەوەختی کۆتاییی کارەکەیەتی، کە ئیش دەکات. جیا لەمەش ئەو زۆر کاری لە پێشـــدایە کە دەبێ کۆتاییان پێ بهێنێـت، ئەو دەیەوێ هەموو کتێبێکی خوێنـدبێتەوە، هەموو تێزێکی بـاڵای

[٧] میخایل باکۆنین (١٨١٤-١٨٧٦) ئەنارشیستی ڕووسی

وەرگرتبێ، براوەی هەموو خەڵاتێ ببێ و هەموو ژنێکی لە خشـــتە بردبێ. جیا لە هەموو ئەمانەش بە شێوازێکی پەرجووئاسا بە ورەیەکی بێسنوورەوە کە بۆ کەسانی تر جێی سەرسوورمانە، لە دنیای خۆیدا وەک شۆفێرێک لە کێبەرکێی ئۆتۆمۆبیلی ڕالیدا، دەست بەکار دەبێ. هەر لە هەمان سەرەتاوە ئەم بوونەوەرە سەرنجڕاکێشە هەموو ژیانی خۆی لە پێش چاودایە؛ وەک پلانێک کە لە پێشدا داڕێژراوە و کەس نازانێ بە هۆی کامە پێویستیی دەروونییەوە بگاتە سەرئەنجامێک.

هەڵبەت جێی سەرسوورمانە کە هەندێ جار هەموو شت بەپێی ویست و حەز و خولیای ئەو دەڕۆنە پێش، وەها کە هیچ هۆکارێک بۆ ناکامی و کەیف ناخۆشی نادۆزێتەوە. خودی کوشندەی ناخی ئێمە بە شێوازێکی بێبڕانەوە، ماندوونەناسانە و لاسایی هەڵنەگر بە خێرایی سەردەمی خۆی تێپەڕ دەکات. دواتریش لە پڕێکا چۆک دادەدات و تیادەچێ. ئەو چیتر لەمە زیاتر ناتوانێ و لەمە زۆرتریشی ناوێ. ئەو لەسەر کورسییەکەی دادەنیشێ و نایەوێ لە جێگەی خۆی هەڵسێ. بۆ دەروبەرییەکان بابەتەکە زۆر ڕوون و ئاشکرایە. ئەو بە هۆی کارکردنی زۆرەوە ماندوو بووە و دەبێ بحەوێتەوە. بەڵام ئەو چۆن دەیەوێ بحەوێتەوە؟ لە حاڵێکدا لە ساتەوەختی حەوانەوەدا چاوەڕێی ئەوە دەکات کە ئاسەواری هیلاکی و ماندوویێتی لە خۆوە لە بە جەستەیەوە نەمێنێ. ئەوەی ئەو لە ئەساسدا نایتوانێ، ئەوەیە کە ئۆقرە بگرێ، دەست بۆ کارێک نەبات، بیر لە هیچ نەکاتەوە و ڕۆڵی خودی خۆی لە بیر بباتەوە. لەم ڕووەوە بۆ نموونە بەدژواری دەتوانێ بخەوێ و لە ژیان چێژ بەرێت، تەنانەت ئەو کاتانەش وا ژیانی پڕاوپڕە چرکەساتی خۆش و دڵخواز. ئەو لە "چێژەکانی ژیان" تەنیا جۆری شەیتانی لە چێژ دەناسێ: ئەلکول، مادی هۆشبەر، خۆشویستنی سەرشێت ئاسا، ئەو حاڵەتەی وا تێیدا

ڕۆڵی خودی چالاکی ئەو نە بە شـێوەیەکی خۆویسـتانە، بەڵکوو بە زەبری گوشار لە گۆڕپانەکە وەدەردەنرێ و دەخرێتە پەراوێزەوە.

بۆ ئەو کە پێویسـتییەک وەک چاولێکردن، ناسـین و تاقیکردنەوە تەلیسـمی کردووە، بەپێی ڕێسـا دەبێ لێی ڕوون بێت کە ناکرێ بەسـەر مەرگدا زاڵ بین. ئەگەر ئەو دەیزانی کە هەر بەیانی دواڕۆژ تووشی بە تووشی مەرگەوە دەبێ، ڕەنگە بکرێ کارێک بێتە ئەنجام. بەڵام ڕەنگە مەرگ هەر ئەمڕۆ، لە سـاتەوەختێکدا کە ئەم خەریکی کارێکی گرینگ بێت، بەرەو ڕووی ببێتەوە یان ڕەنگە لە خەودا کە ئەو هیچ ئاگای لە خۆی نییە. هەر ئەم شـتەش زۆر جێی بێڕێزی و سـووکایەتییە. ئەم شـتە بەگشـتی بابەتێکی ناڕەوایە. بەپێچەوانەی کەسـانی تر کە ترسـی مەرگیان لێ دەنیشـێ و نکۆڵی لێوە دەکەن یان هەوڵ دەدەن مەرگ بەگشـتی لە بیر بکەن، تاکی خۆکوژ ئەو کەسـەیە کە بەردەوام بێبڕانەوە ئاگاداری خودی مەرگە. نە ئەوەی کە تامەزرۆی مردن بێ یان هیوایەتی بێ، بەڵکوو مردن لە ڕیزی سـامناکترین شتەکانە بە لایەوە و زۆریش ڕقی لێیە. لە سەرسامییەکانی ڕۆژگار ئەمەیە کە تاکی خۆکوژ ئەو کەسـەیە مەرگ بۆی بە هیچ شـێوەیەک قەبووڵ ناکرێ و بەپێچەوانەی ئەوەشـەوە ئەو دەمەی وا هیلاک و ماندوو لە پێ کەوتووە و لە سەر کورسییەکەی دانیشتووە و خزم و کەسوکاری لە تەنیشتییەوەن و لێی دەپرسـن لە هەموو دنیا چ شـتێکی زۆرتر لە هەموو خۆش دەوێ و دواتر لێی دەبیسن کە زۆرتر لە هەموو شتێ حەزی لە مەرگە و پێی خۆشە کە مردبێت. ئەوانەش وا بە دەورییەوەن، پێی سـەرسـام دەبن و ئاماژە بە لێهاتوویی و سـەرکەوتنەکانی دەدەن لە ژیاندا. بەڵام کەس بیر لەم شـتە ناکاتەوە - تەنانەت ئەویش بۆ خۆی قەت وەها بیر ناکاتەوە - کە ئەو لە هەر سـەرکەوتنێکدا بەردەوام بیری لە مەرگ کردۆتەوە و بە شـوێنیدا

گەڕاوە، بە شوێن دۆزینەوەی ساتەوەختێکدا کە ژیان تێیدا دەگاتە کۆتایی و کەماڵی خۆی.

چرکەساتێک کە ئەو تێیدا وەک خواوەند لە حەوتەمین ڕۆژی خیلقەتدا، دەست لە کار بشوا و بە چاوخشاندنێکی خێرا بۆ سەر ئەو جیهانەی کە خولقاندوویەتی، بتوانێ ببێژێ: "دەسکارم باش دەرچووە."

ئەمەیە ئەو چەشنە لە مردن کە ئەو تامەزرۆیەتی. وەها مەرگێک کە بە واتایەکی تر نە تیاچوونە و نە دابڕانی کاتیی ژیان، بەڵکوو ئەمە لووتکەی شکۆمەندی، ئەوپەڕی ئاگامەندی و داو بڕیارە لە دوا چرکەساتی ژیاندا کە شایەنی ئۆقرەیی و ئاسوودەییە.

تاکی خۆکوژ بە مانای گشتی کەسێکی شکۆویست و پاوانخوازە، لەبەر ئەوەی ئەو بەردەوام پێش ئەوەی ڕێ بکەوێ، گەیشتۆتە ئەو شوێنەی وا مەبەستیەتی. ئەو تەنیا بەم ئامانجەوە دەتوانێ لە شوێنی خۆیدا ببزوێ. ئەو کەسێکی ترۆپکخوازە و هەر لەم ڕوانگەشەوە چاو لە هەموو شتێ دەکات. ترۆپکخوازی بە واتای تێپەڕین، جێبەجێکردن و گەیشتن بە خاڵی کۆتایی و تەواوکەری شتەکانە. یەکێ لە دوا شیعرەکانی سیلڤیا پلات کە تێیدا وەسفی ژنێک دەکات کە پێش خۆکوشتنی، مردووە، وەها دەست پێ دەکات: "ژن، تەواو و پێگەیشتوو بوو". لەم شیعرەدا زایەڵەی چەمکی کۆتایی، کامڵ بوون، تەواوەتی و ترۆپک، هەر هەموو پێکەوە دەبیسترێن.

ئەم "تەواوەتی"یە لەخۆگری ڕەهەندێکی کاتییە کە بەردەوام سەرنجی کەسی خۆکوژ بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێ. خاڵی چەقبەستنی خودئاگای ئەم ڕەهەندەش چرکەساتی هەنووکە نییە، چوونکە ساتەوەختی ئێستا، جیهانی ڕابواردن و خۆشگوزەرانییە. لە ڕابردوویەکی ڕەهاشدا نییە، کە جیهانی مرۆڤی ناوچاوگرژ و خوێنتاڵە. لە داهاتووی دنیای کەسانی خەیاڵاوی یان

ئەوانەش وا بۆ دەســـتەبەرکردنی ژیان و پاشـــەڕۆژێکی باشـــتر لە هەموو درکەیەک دەکوتن، نییە. بەڵکوو کاتی کەســـی خۆکوژ، کاتێکی تایبەتە کە تەنانەت لە ڕێزمانیشـــدا گرینگییەکی ئەوتۆی پێنادرێ. کاتی کەســـی خۆکوژ "داهاتوو، گەیشـــتۆتە کۆتایی"یە. کاتی "من، گەیاندبێتمە کۆتایی"یە. یان کاتی "من ژیابێتم"ە. ویســت و تامەزرۆیی ئەو، لە ڕاســتیدا ویســت و تامەزرۆیی گەیـانـدنە بە خـاڵی کۆتـایی. دەمەوێ ئەمەش بڵێم کە ئەم تـامەزرۆییە بۆ گەیاندن بە خاڵی کۆتایی، پێویســـــت بەوە ناکات وەک جۆرێک بە لاڕێدا ڕۆشتن، نێهیلیستی یان وەک بابەتێکی کاولکارانە سەیر بکرێ، بەڵکوو پێش هەموو شــتێک خاوەنی کرۆکێکی جوانیناســـانەیە. وەک پاڵپشـــتیکەری ئەم گریمـانەیە دەگەڕێمەوە لای "جـان دووەی"[٨] کە لە بەرهەمێکی خۆیدا لەژێر ناوی "هونەر وەک ئەزموون" باســـی لێوە کردووە. بەپێی ئەو بیرۆکەیەی "جـان دووەی"، خۆکوژی –هەر چەنـد بۆ خۆی قەت هەوڵی خۆکوشـــتنی نەداوە– کردارێکی هونەرییە کە ســـەرچاوەکەشـــی جۆرێک لە نارەزایەتی جوانینـاســــــانەیە. هەر بەپێی ئەم بیرۆکەیە دەبێ جیـاوازی دانێین لەنێوان جوانیناســی بە واتا گشــتییەکەی وەک جوانیناســیی دیمەنێکی ســروشــتی، چێشــت یان بیرۆکەیەکی فیزیکی و هەروەها جوانیناســیی تایبەتیی هونەری کە بە شـــێوازێکی تـایبەت تەنیـا ئـاراســـتەکردنی بەرهەمە هونەرییەکـان دەگرێتەوە. "دووەی" لە شـــرۆڤەی وتەزای یەکەمدا ئـایـدیـای "ڕووداو" لە ناوەندی ئەو بیرۆکەیەی خۆی دادەنێ و لە وتەزای دووهەمێشـــدا ئایدیای "سەرنجڕاکێشان"ی پێ زیاد دەکات. دووەی دەڵێ: هەر هەموو ژیان، ڕەوتی بەردەوام و بێبڕانەوەی ئەزموونە جیاوازەکانە. برســێتی، ســەرما و ســۆڵە،

---

[٨] John Dewey

خەون و بێـداری و هەروەهــا کــاری ڕۆژانە، هەر هەمووی کومەڵێـک "ئەزموون"ی ئێمەن. بەڵام لە ژیـانی ڕۆژانەدا ئەو ئەزموونـانەی کە بکرێ وەک "ڕووداو" ناودێریان بکەین، زۆر دەگمەنن. جیاوازیی نێوان ئەزموونی ئاســـایی و ڕووداو پێش هەموو شـــتێک ئەمەیە کە ڕووداو، کۆتاییەکی خەســت و خۆڵ و ڕاســـتەقینەی هەیە کە چیتر ناکرێ بە دەســـتتێوەردانی شـتێکی لێ بسـڕینەوە یان جێگۆڕکێی پێ بکەین. جیاوازی تریشـیان ئەمەیە کە ڕووداو "گشــتییەت"ێکی یەکپارچەیە، یەکبوونێکی ئۆرگانیکە کە پاژەکانی شـــپرزە یان پرژ و بڵاو نین، بەڵکوو لە پێکهاتەیەکی یەکگرتوودا، داکۆکیی لەسەر شوناس و کێیەتی خۆیان دەکەن و پشتڕاستی دەکەنەوە.

ئەگەر بمانەوێ بۆ ڕووداو هەڤۆک یان نموونەیەک بە دەستەوە بدەین، خێرا وەبیر هەندێ ڕووداوی ســـەرســـووڕهێنەرێ وەک بوومەلەرزە، ڕفاندنی فڕۆکە و ڕاوی نەهەنـگ لە چۆمی ئـامـازۆن دەکەوین. بەڵام زۆرێـک لە ئەزموونە ئاســـاییەکانیش وەک ڕووداوێک وان. وەکوو خواردنی شـــێو لە ڕیســـتۆرانتێکی بەشـــکۆ لە پاریســـدا، یان بینینی باخچەی ئاژەڵان لە ئامســتەردام، یان ســەیری گەمەی تۆپی پێ لە تەلەڤزیۆندا. بەپێی شـرۆڤەی "دووەی" هەمووی ئەم ئەزموونانە خاوەنی جۆرێک لە کوالێتی جوانیناسانەن بە مانا گشتییەکەی کە لە تایبەتمەندیی ڕووداوبوونیانەوە سەرچاوە دەگرێ. بەپێی هەمان شـــرۆڤە، ڕووداو کاتێک وەک خودی ڕووداو دەردەکەوێ کە "تێپەڕ کرابێ." ئەمە بەو واتـایە دێ کە ئەزموونەکان لە کـاتی ڕوودانیـانـدا، هەرگیز وەک ڕووداو دەرنـاکەون، بەڵکوو دواتر و تەنیـا پـاش ڕوودانیـان، واتە پاش ئەوەی کە کۆتاییی ئەزموونێک، ڕواڵەتێکی یەکگرتووی بەخشییێتە هەموو پاژەکان، وەک ڕووداوێک دەردەکەوێ. جیا لەمەش هۆی ئەمەی کە بڕێجار گرینگترین ڕووداوەکانی ژیانمان بە کەســـەر و ســـەرســـامییەوە،

وەبیری خۆمـانی دێنینەوە، ڕێـک هەر ئەمەیە، وەک بڵێی ئەمە  قەت ئێمە نەبووین کە لە ڕاستیدا وا شتێکمان بە سەردا هاتووە، یان چما لە شوێنێکی ژیانماندا شتێکی پێویستمان پشتگوێ خستبێ. بەم پێیە خوکۆژیی کردارێکی ڕادیکاڵ و بناژۆخوازانەیە، ئەگەر چی لەوانەیە کردارێکی نابەلەدانەش بێت، بەڵام بە مەبەســـتی ئەوەی کە لە گشـــتییەتی ژیانی خۆمان، ڕووداوێک بخۆلقێنین. دیارە کە خۆکوشتن کردارێکە بە مەبەستی کۆتاییهێنان بە ژیان، بەڵام خۆکوژیی بەپێچەوانەی مەرگی سروشتییەوە کە دابڕانێکی تا هەتاییە لە ژیان و لە ڕاسـتیشـدا ژیان لەوێدا دەگاتە خاڵی کۆتایی. کەسـی خۆکوژ، ژیان لەو ســاتەوەختەیدا کە بۆ خۆی هەڵیبژاردووە، بەشـێوەیەک کە خۆی ویســتوویە و پاش ئەوەی هەموو ئەو شــتەی کە ویســتوویەتی، جێبەجێی کردووە، دەگەیەنێتە کۆتایی. بەم شـــێوە لە بەرەو کۆتایی بردنە، لە هەمان کاتدا دووهەم مەرجی بەرایی بۆ بە "ڕووداو"بوونی ژیان، مســـۆگەر دەبێ: ژیان کە پێش لە خۆکوژی گاڵتەجارێک لە ئەزموونی بەهەڵکەوت و لێکدابڕاو بووە، دەبێتە کۆگایەکی تەواو، یان دەبێتە پێکهاتەیەکی یەکپارچە کە ڕەوتی ژیـانی کەســـی خۆکوژ بەپێی لۆژیکی نـاوەکی و لە هەمـان کـاتـدا بەپێی ناچارییەکی پەرەســەندوو، کە بە ســووکە ئاوڕێک لەســەر دوا کرداری ئەو دەردەکەوێ: لە دایکبوونێکی نەخوازراوەوە بگرە هەتـا ســـــەردەمی پڕ لە وەیشـوومەی منداڵی لە دۆڕاندنی یەکەم ئەزموونی خۆشـەویسـتییەوە بگرە هەتا مەرگی دایک، بە باچوونی حەز و خۆزگە و خولیاکان و دواتریش بە هۆی "سروشتێکی دەروونییەوە کە مەیلی بەرەو لای خۆکوشتنە."

دســت بردن بۆ خۆکوژیی بە مەبەســتی ئەوەی کە ژیان بۆ خۆمان بکەینە ڕووداوێکی جوانینـاســـــانە، بێگومـان هەوڵێکی بێهوودەیە، لەبەر ئەوەی کرداری خۆکوژی، بکەری بەســـــەرهـات لەنێو دەبـات. ڕەنگە لەم ڕووەوە

بکرێ ئەو خۆکوشـــتنانەی کە نەگەیشـــتوونەتە ئاکام، تا ڕادەیەک وەک هەوڵێکی ســـەرکەوتوو لەم چەشـــنە بێنە ئەژمار کە لەم حاڵەتەدا کرداری خۆکوشـــتن دەبێتە فریوو یان چەواشـــەکارییەک تاکوو بکرێ وەک بکەری ڕووداوێـک دەرکەوین کە لە هەنـاوی ئەو ڕووداوەدا خـودی خـۆمـان تەفروتوونا کردووە. ڕەنگە هەر ئەم بابەتە ئەم ڕاســتییەشــمان بۆ دەرخات کە دەست بردن بۆ خۆکوژییەکی بێئاکام ڕێک وەک خۆکوشتنی ڕاستەقینە، بەڵام جیاواز لەگەڵ ئەودا، دەتوانێ وەک شــتێکی دڵخواز و ســـەرنجڕاکێش بێت.

ســـەبارەت بە "خۆکوشـــتنی بێئاکام " بەردەوام کەســی چاودێر دەیەوێ بە گرینگی نەدان پێی وا بیر دەکاتەوە کە مەبەســـتی ئەمە نەبووە کە بێئاکام بمێنێتەوە ، بەڵکوو لە ڕاســـتیدا هەر بێئـاکـام مـاوەتەوە. بەڵام کۆمەڵێک خۆکوژیی بێئاکامیش هەن کە دەبێ وەک مەشـــق و ڕاهێنانی ســـەرەتایی چاو لێبکرێن. کومەڵێک مەشـق و موماریســـە کە تەنانەت پێگەشـیان بەرزە. ڕێک وەک کێبەرکێی بازبردن ، کە تێیدا هەر وەرزشـــوانێک ســێ جار بۆی هەیە باز ببات و هەر جارەشی زۆر جیدی و ڕاشکاوانە دەرخەری هەموو توانا و کارامەیی کەسی وەرزشوانە.

خاڵی بە هێزی خۆکوشـــتنی بێئاکام بە بەراورد لەگەڵ خۆکوژی ڕاســـتەقینە ئەمەیە کە بکەری ئەو دۆخە تیا ناچێ و ژیان لای ئەو کۆرتە مەودایەکە کە بایەخی هونەری و جوانیناســـانەشـی هەیە. بەڵام کێشـــەکە لێرەدایە کە هەر هەمان کارتێکردنی لەسـەر ئەوانی تر نییە. لەبەر ئەوەی خۆکوشتنی بێئاکام بۆ "ئەوانی تر" هەڵگری وەها کۆتاییەک نییە کە پڕ بێت لە سەرسامی. بەڵام لە خۆکوشتنی ڕاستەقینەدا هەر ئەم خاڵی کۆتاییەیە کە خەرمانەی پیرۆزی ئیلزام و ئیجبار هەموو ژیان لەبەر دەگرێ. دیســـانیش لەســـەر بنەمای

بیرۆکەی "دووەی" دەکرێ بڵێین دەست بردن بۆ خۆکوژی تەنیا ڕووداوێکی جوانیناسانەیە، لە حاڵێکدا خۆکوشتنی ڕاستەقینە، جیا لەمەش بایەخێکی جوانیناسانەی هەیە، لەبەر ئەوەی تاکی خۆکوژ لە ژیانی خۆی بۆ "ئەوانی تر" ڕووداوێک دەخولقێنێ.

دیارە کە سازکردنی ڕووداوێک لە ژیانی خۆمان پێوەندییەکی ئەوتۆی لەگەڵ لە خۆبوردەیی و نەفس بەرزیدا نییە، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ئەوانی تر و هەروەها خولیای بە هەند وەرگیرانە لە لایەن کەسانی ترەوە. دووەی بەسەرهاتی تایبەتی هونەرمەندانە لە چوارچێوەی کۆمەڵێک بەسەرهاتی جوانیناسانەدا، وەک بەسەرهاتێک پێناسەی دەکات کە پێکهاتەکەی بە شێوەیەکی هۆشیارانە دەرکەوتەی کاریگەریی ڕووداوەکانە لەسەر چاودێرە دەرەکییەکان. ئەم بابەتە لە هەر حاڵدا ئەوەمان پیشان دەدات کە بۆچی ئەم هەمووە سەبارەت بە کاری "مۆندریان"[9] شتی فەلسەفەئاسا دەوترێت، بەڵام گەڵاڵەیەک هەر لەو چەشنە کە کۆمپیۆتەر دایڕشتووە، دەخرێتە پەراوێزەوە؟ یان بۆچی بەرهەمی بەناوبانگی "دۆشان"[10] بە نێوی "فۆنتەین" دەخرێتە نێو مووزەوە. لە حاڵێکدا شتی لە هەمان چەشن لە توالێتدا بۆ ئاودەست کەڵکی لێ وەردەگیرێ. بەم پێیە ڕەنگە ئاشکرا بێت کە بۆچی ژیانی کەسێکی ئاسایی کە بە مەرگی ئاسایی دەمرێ، بابەتێکی جێی بایەخدان نییە و خێراش لە بیری هەموو کەس دەچێتەوە، لە حاڵێکدا ژیانی کەسی خۆکوژ، لە پڕێکدا دەبێتە ڕووداوێکی مێژوویی کە بۆ توێژینەوە و لێکدانەوەی، ئارشیڤی زۆر کۆ دەکرێنەوە. هەر بەو جۆرەی کە بەرهەمێکی ساختە و بێبایەخ، کاتێک بە هونەرمەندێکەوە

---

Monddrian[9]
Duchamp[10]

نیسبەت دەدرێ، لە پڕێکدا بۆ بینەر یان بەردەنگی ئەم بەرهەمە وەک شتێکی مەزن و جێی سەرنج دێتە پێش چاو و سەیر دەکرێ. هاوکات خۆکوشتنیش جۆرێک لە مۆر و واژۆیە لە خوارەوەی بەڵگەنامەی ژیاندا. بەو واتایە کە ئەو بەڵگەنامەیە لەخۆگرێ کۆمەڵێک بابەتی گرینگ و پڕبایەخە و کەســـــی خۆکوژیش بە وردی ئاگاداری ئەم شتەیە. کەسێک وا لە ژیانیدا ناتوانێ مانا و خولیایەکی دڵخواز بۆ ژیانی بدۆزێتەوە -هەر ئەو مانا و خولیایەی کە لە ڕووداوێک چاوەڕوان دەکرێ- لە ئەنجامدا کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ و وەک کتێبێک ئاراســــتەی مرۆڤایەتی دەکات، بەو هیوایەی کە کتێبەکەی بخوێندرێتەوە، تێیدا ڕابمێنن و جێی ڕەزامەندی خەڵکیش بێت. ئەم هیوایە نە تەنیا وەهەم یان خەیاڵاوی نییە، بەڵکوو ئەگەر وردبینانە لێی بڕوانین، بە تەواوەتی واقیع بینانەشە. چوونکە مەرگ وەک بژاردەیەک کە کەسی خۆکوژ هۆشـــــیارانە و بە ویســــتی خۆی هەڵیدەبژێرێ، زۆرتر لە جۆرەکانی تری مردن -جگە لە شـــــەهید بوون- مەرگێکە کە نە تەنیا بۆ کەســــەی وا هەڵیبژاردووە، بەڵکوو بۆ بنەماڵە و تازیەبارانیش وێنای بەردەوام بوونی ژیان و بوونێکی تاهەتاییە. نازانرێ کە کەســــی بێهیوا و بێئومێد بە مەرگی خۆی، بە شوێن چ شتێکەوە بووە کە لە ژیانیدا دەستی نەکەوتووە؟ بێگومان بەڵام گەیشتۆتە شتێ: ئەویش ئەمەیە کە خەڵک لە بارەیەوە قسە دەکەن و بەم زووانە لە بیر ناچێتەوە.

ئێســـتاکە پێوەندیی نێوان خۆکوژی و نووســـین یان هونەر بەگشـــتی چیتر بۆمان نائاســـایی نییە. چوون بە وردی شـــرۆڤەمان لە ســـەری کرد کە لە ڕەهەندی جوانیناســی و لە ڕووی هونەرییەوە بەگشــتی دەکرێ خۆکوشــتن (بە هۆی ســڕینەوەی بکەر) وەک ویســـتێکی ئایدیال یان دڵخواز تەوســـیف بکرێ. ئەم پێوەندییە، پێوەندییەکی ناوەکییە لەنێوان دوو شێوە هەڵسوکەوتی

مرۆییدا کە هەردوو بە شـێوەیەکی ئاشـکرا و لێکدژ، بە شـوێن دۆزینەوەی شتێکەوەن. چونکە سەبارەت بە هونەر – و پێش هەموو شتێک سەبارەت بە هونەر– دەکرێ بڵێین کە هونەر جۆرێک لە تامەزرۆییە بۆ کۆتایی پێ هێنان. "دووەی" دەنووسـێت کە سـەرقاڵ بوونی هونەرمەند لە ڕاسـتیدا لە هەر قۆناغێک لە کارەکەیدا ئەوەیە کە کۆتایی پێ بێنێت؛ بەم واتایە کە لە بیچم بەخشـین بە هەریەک لە پاژەکانی ئەو بەرهەمەی وا پێیەوە سـەرقاڵە، بەردەوام گەلاڵەی کۆتاییی ئەو بەرهەمەشـی لە پێش چاودایە. ڕوونترین بابەت لەم بارەیەوە لە ئەدەبیاتدا دەبینرێ، چوون ئەدەبیات وەک مۆسـیقا ئەو شـکڵەیە لە هونەر کە نەک هەر بەرهەمهێنانی بەڵکوو تێگەیشـتن لێیشـی زۆربە گرێدراوی بابەتی کاتە و لە کاتدا دێتە ئەنجام.

لە ڕۆمانی "ئانا کارنینا"ی تۆڵسـتۆی[11]دا هەر لە سـەرەتای ڕۆمانەکەوە، ڕووداوێکی هاتوچۆ لەسەر سەکۆی وێستگەی شەمەندەفەر ڕوو دەدات کە ئانا و ڤرۆنێسـکی -کە دواتر حەزیان لە یەکتر دەبێ- لەوێ بۆ یەکەمجار یەکتر دەبینن. ئەم ڕووداوە لە خۆیـدا لەوانەیە ڕووداوێکی گرینـگ و سـەرنجڕاکێش نەبێ و زۆرتر وەک نوکتەیەک وایە. تـازە لە کۆتـاییی ڕۆمانەکەدا، ئەو کاتەی وا ئانا خۆی فڕێ دەداتە بەر شـەمەندەفەر و خۆی دەکوژێ، لێرەدایە کە خوێنەر ئەو ڕووداوە وەک پێش ئـاراسـتەیەکی دراماتیک کە کۆمەڵێک دەرئەنجامی چارەنووسـسـازی لێ دەبێتەوە، سـەرلەنوێ دەناسـێتەوە. ئەمە بەو واتایە دێ کە تۆڵسـتۆی لەو ڕۆمانە ئەسـتوورەیدا کە نووسـیویە، هـاوکات لەگەڵ دەسـتپێکی ڕۆمانەکە، کۆتاییەکەشـی نووسـیوە و بە پێچەوانەی ئەوەی وا مودیلێکی تایبەت لە

---

[11] Leon Tolstoi

داهێنانی ئەدەبی بانگەشـــەی بۆ دەکات، بە هیچ چەشـــنێک لەژێر کاریگەری لێشـــاوی ڕووداوەکان و وشـــەکاندا نەبووە. لە زۆر نووســـــەری تریش بیستراوە کە هاوکات لەگەڵ یەکەم دێڕدا، ئاگاداری دوا دێڕی ڕۆمانەکشیان بوونە و ئیتر هەر چەندەیان نووســـیبێت هیچ نەبووە جگە لە پڕکردنەوەی کەلێن یان بۆشـــاییێ نێوان ئەم دوو مەودایە. ڕاســـتە کە پڕکردنەوەی ئەم بۆشـــاییە لە ڕواڵەتدا ئاســـــان دێتە پێش چاو، بەڵام ڕەنج و دوودڵی و بەرخۆدان لە واقێعدا لە تایبەتمەندیی بەڵگەنەویستی هەر جۆر چالاکییەکە وا پەیوەستە بە کۆتایی پێ هێنانییەوە. بۆ هەموو هونەرمەندێک ئەو بەرهەمەی وا دەســـتی پێ کردووە، لە دنیـای خەیـاڵـدا کۆتـایی پێ هێنـاوە و ئەو وردەکارییەش کە ئەو دەبێ بەو پەڕی تاقەتەوە ئەنجامی بدات، لە ڕاســـتیدا جۆرێک کۆتاییهێنان بە کارێکی بە کۆتایی گەیشتووە؛ چوونکە بەرهەم دەبێ کونترۆڵ بکرێ و هـاوکـات دەبێ بگـاتە کۆتـاییش. لەبەر ئەوەی بەرهەمی هونەری بێئاگا لە خودی خۆی، بە ڕوانینێکی عاشـــقانە "بۆ هەموو دنیا" بێ کات و بێکۆتاییە. لەم ڕووەوە ســـەرخۆشـــی ڕاســـتەقینە تەنیا لە حەوتەمین ڕۆژدا ســـەر هەڵدەدات، ئەو ڕۆژەی وا خولقاندنی دنیا کۆتایی پێ دێت و لە ئاکامدا ڕوون و ئاشـــکرا دەبێ کە "کارەکە بە باشـــی دەرکەوتووە". واتە لە هەمان دەســـتپێکەوە، مەبەســـتی خولقێنەر، خولقاندنی بەرهەمێکی تەواو -بە هەموو وردەکـارییەکـانەوە- و کۆتـایی پێهێنـانی بووە. پەڕجووی ســـەرســـوڕهێنەری خولقێنەر پاش ئەوەی پرۆســـەی خولقاندن کۆتایی پێ هات، جگە لە زاتی خواوەند، تەنیا بەر هونەرمەند کەوتووە. بێ ســـەرنجدان و لەبەرچاوگرتنی ئیمکانی نەمری وهەرمان بوونی هونەرمەند پاش مردن، نیعمەتی ئافراندن ئەم ئیمکانەی بەخشیووەتە ئەم بوونەوەرە مەرگ هەڵگرە کە تەنانەت لە ژیانیشـــدا -ئەگەرچی زۆر کورت- نەمری و هەرمان بوون

ئەزموون بکات. جۆرێک لە نەمری لە چەشـــنی لازاروس: ســـەرلەنوێ ژیانەوەی پەڕجووئاسای بێوێنە لە پەنای هەموو چرکەساتە سەرخۆشەکانی ژیاندا. بەڵام بە متمانەیەکی تەواو بەم بابەتە کە نە تەنیا ژیان درێژەی هەیە، بەڵکوو بۆ جارێکی تر دەبێ بمرین و یان گەڕانەوەیەکە پاش خۆکوشـــتنی بێئاکام کە چیتر ئەو شکۆ و شانازییەی خۆکوژیی راستەقینەی نییە. سیلڤیا پلات لە شـــیعری "خاتوو لازاروس"[12]دا کە تێیدا ســـەبارەت بە خۆکوژیی بێئاکامی خۆی دادوەری دەکات، وەها دەنووســـێت: "مردن، هونەرێکە وەک هەموو شتێکی تر. من ئەم شتە بەباشی جێبەجێ دەکەم." بەڵام مەبەستی لە مردن کە ئەو تێیدا شـارەزا بوو، مەرگی جەسـتەیی نەبووە، کە لە مەرگێکی هونەری نـاچێـت، بەڵکوو مەبەســـتی مەرگێکی هونەرمەنـدانەیە. واتە کۆتاییهێنان کارێک بە شـــێوازێکی بێبەزەییانە و عەینییەت بەخشـــین بە شـوناسـی خود، تەنانەت ئەگەر باج و بەهاکەشـی کاولکردنی خودی خۆی بێت. ئەم تامەزرۆییە هونەرمەندانە کە بینەری کۆتایی و مەرگی خۆمان بین، یـان بە زمـانی فرۆید، ئـامـادەبوون لە ســـاتەوەختی نـاشـــتنی خۆمـانـدا، تامەزرۆییەکی نائاســاییە. ئەمە وەک ئەو هیوایە وایە کە ببین بە "کەســێکی تر". پیســـۆئا لە یەکێک لە خەمبارترین شـــیعرەکانیدا وای هۆنیوەتەوە : "چ بەختەوەرییەکی سـەیرە کە من چیتر خۆم نەبم". ئەو سـەبارەت بە "کەسـانی مــاڵی بەرانبەر" تــا ئەو ڕادەیە دەچێتە پێشـــەوە کە پێی وایە: "ئەوان بەختەوەرن، لەبەر ئەوەی ئەوان من نین". ئەم هیوایە لە نــاعەقڵانیترین شـــێوەی خۆیدا، ڕەنگدانەوەی ئەم ئاواتەیە کە مرۆڤ هەر ئەو جۆرەی کە هەیە بمێنێتەوە، بە هەمان ڕواڵەت و قەڵافەتی پێشــوو، بە هەمان هەســت و

[12] Lady Lazarus

هەمـان گۆڕانکـاری لە ژیـانـدا؛ بەڵام بەپێچەوانەی ئەمەوە، لەهەر حـاڵـدا "کەســـێکی تر" بێت. جۆرێـک برای ئـاوەڵـدوانە یـان هـاوزادی خۆی. لەم تەوســیفەدا لە یەکەم تێڕوانیندا شــتێکی ئەوتۆمان دەســت ناکەوێ. مەگەر ئەوەی کە مرۆڤ بتوانێ لە ژیانی هەنووکەیدا، چاودێریی ڕۆژگاری خۆی بێت.

سـارتەر لە کتێبی "ئەدەبیات چییە"دا، سـەرنجی ئێمە بۆ لای دۆخێکی تایبەت ڕادەکێشـێ کە نووسـەر "قەت" ناتوانێ خوێنەری بەرهەمی خۆی بێ ، لەبەر ئەوەی ئەو هەرگیز ناتوانێ کە دڵخۆش بێ بە کارتێکردنی هەنگاو بە هەنگاو و هەروەها بیچمگرتنی پێکهاتەیەک کە ئەو بۆ خۆی لە پێشـەوە ئاگای لێیە و بە باشـــی دەیناســـێ. دواتر کە تاڕادەیەک ئەو بەرهەمە لە بیر چۆتەوە، نووســـەر لە ســـاتەوەختی خوێندنەوەی دووبارەی بەرهەمەکەی خۆیدا دەتوانێ بزانێ کە چی بە چییە. هەســتێک کە لەوســاتە وەختەدا هەیەتی، تا ڕادەیەک هەسـتی "کەسـێکی تر"ە. هەروەها بۆب دیلان دوای ماوەیەک کاتێ وتوویژێکی خۆی دەخوێنێتەوە، دەڵێ: "جێی بەختەوەرییە کە من خۆم نیم".

لە بەرهەمی نووســـەراندا هەڵاتن بەرەو لای خۆکوژیی بە زۆر شــێوەکانی جیاواز سـەر هەڵدەدات. ئەم هەڵاتنە هەندێجار بە شـێوەی شـاراوە و نهێنێ دەردەکەوێ و هەندێ جاریش شـــێوازێکی دڵخواز دەگرێتە خۆ: بۆ نموونە متمـانە بەخۆبوونێکی لە ڕادەبەدەری هەنـدێ لە نووســـەران، یـان ئەم پێویســـتییە دەروونییە کە دەبێ هەموو وردەکـارییەکـان ڕەچـاو بکرێن، کۆمەڵێک تـایبەتمەندیی دڵخوازن بۆ کەســـێ کە دەیهەوێ دنیـایەکی نوێ بحولقێنێ یان دەستدرێژییەکی منداڵانە کە زۆرێک لە نووسەران بەرانبەر بە پـاڵەوانی ســـەرەکیی چیرۆکەکـانیـان ئەنجـامی دەدەن و حەزێـک کە بۆ کـاولکردنی ئەو پـاڵەوانگەلە هەیـانە، کـارێـک کە لە کۆتـاییی کتێبەکەدا بە

حەزێکی تەواوەوە دەیکەن و لە ڕاســـتیشـــدا جۆرێک بەرەوڕووبوونەوە و فریوودانی خۆکوژییە و هاوکات بەرەنگاربوونەوەشیەتی.

هیوادارم ئەوەی لێرە وتراوە، ڕوانینێکی نوێ بێت بۆ پێوەندیی نێوان هونەر وخۆکوژی. ئەمە هونەر نییە کە خۆکوژیی بە شـــێوازێکی لادەرانە "جوانیناســـــانە" دەکاتەوە. بەڵکوو خۆکوژیی بە شـــێوازێکی دیاریکراو، بایەخێکی هونەری و جوانیناسانەی هەیە و هەر بەم بۆنەشەوە دەتوانێت لە بواری هونەر یان بابەتی پێوەندیدار بە هونەرەوە، مژارێکی زۆر گرینگ بێت. شعوور و زانیاریی جوانیناسانە بەگشتی کرۆکێکی "خۆکوژانە"ی هەیە، یان بە زمانێکی نەرم و نیانتر کەماڵگەرا و کۆتاییخوازە. کەماڵ بە واتای بێ کەموکۆڕی بەڵام کۆتایی پێ هێنراو. ئەمە بەو واتایە دێت کە گەڵاڵەی ژیانی هونەرمەندانە یان پلانی "هونەرمەندی ژیان" - واتە کەسـێک کە تێدەکۆشـێ تا لە کۆی ژیانی خۆی بەرهەمێکی هونەری بخولقێنێ - لە ئەســــاســــدا هەڵگری جۆرێک دژوازییە. هیچ هونەرێک لە ئارادا نییە کە هونەری کۆتایی پێهێنان نەبێ و مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێ لە ژیانی خۆی بەرهەمێکی هونەری بخولقێنێ، بەپێی لۆژیک دەبێ بتوانێ لە کۆتاییی خودی ئەم ژیانە ئیلهام وەربگرێت. دەکرێ ڕەنگدانەوەی وا ئیلهامێک لە فەلســەفەی ئێپیکۆریســمدا ببینین: "وەها بژی کە چما چیتر دوارۆژێک لە ئارادا نییە". بەڵام ئەم شـیعرە کە شـۆڕ بووەتەوە بە ناو چێژە ڕەها جەسـتەییەکاندا، بێگومان ژیان دەکاتە شتێکی نامومکین و لە هەمان کاتدا تاقەتپڕووکێن، وەک ڕۆمانێک کە لە هەر لاپەڕەیەکیدا دەیەوێ کۆتایی پێ بێت. هەر ئەم بێتاقەتبوونە و بێهیوابوون بە دوارۆژ و هەروەها چێژخوازییە وا لە کەســی خۆکوژ دەکات -خۆکوژی ڕەســەن و بێهیوا- کە بە کوشـتنی خۆی لە ژیانی ڕووداوێک ســاز بکات. لە زۆر ڕووەوە نووسـین بۆ تامەزرۆی ڕووداو گەلێک باشـترە لە خۆکوشـتنی

ڕاســتەقینە و دەکرێ بە متمانەیەکی تەواوە ئەمەش بڵێم: کەیفخۆش بوونی مرۆڤ پاش کۆتاییهێنان بە ڕۆمانێک هەر چەندەش کورتخایەن و پووچ بێت، دیســانیش گەلێک زیاترە لە کەیفخۆشــی پاش کۆتاییهێنان بە ژیان و خودی خۆمان.